The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# ڕێکخراوی جیهانی چاودێریی ژینۆساید (Genocide Watch)، دەڵێ ئەنفال "ژینۆساید" بوو

به هەوڵ و کۆششی ئەندامانی ناوەندی چاک بۆ زیاتر ناساندنی تاوانی نامرۆڤانەی ژینۆسایدی ئەنفال لە ئاستی جیهانیدا، توانرا ڕێکخراوی جیهانی چاودێری ژینۆساید Genocide Watch کە ناوەندی چاک ئەندامە تیایدا، لە کارەساتی ژینۆسایدی ئەنفال باشتر ئاگادار بکەینەوە و داوای هەڵوێستیان لێ بکرێت.
سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە گرنگەی جیهان کە تایبەتە بە هەوڵدان و خەباتکردن لە پێناوی نەهێشتنی تاوانی ژینۆساید لە جیهاندا، هەڵوێستی ڕاشکاوی ڕیکخراوەکەی لە بەیاننامەیەکی تایبەتدا بۆ چاک ڕاگەیاند لە ریگە ی کاک عە دنان کۆ چە ر بە ربرسی چاک لە بە ریتانیا . لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کەوا شاڵاوی ئەنفال بەبێ هیچ گومانکردنێک ژینۆساید بوو. دەوڵەتی ئێراق بە سەرکردایەتی سەدام حوسێن مەبەستیان لەناوبردنی بەشێکی گرنگی گەلی کورد بوو، لەبەر ناسنامەی نەتەوایەتی و کوردبوونیان، ئەوەش تاوانی ژینۆسایدە. هەروەها هاتووە، ئەوەی ڕوویداوە دەچێتە ژێر هەموو ئەو داواکارییە یاساییانەی کە بوونی تاوانی ژینۆساید دەسەڵمێنن.

ناساندنی تاوانی ئەنفال بە تاوانی ژینۆساید لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی چاودێری ژینۆساید، دەستکەوتێکی دیکەی گرنگە بۆ گەلی کورد کە بەدرێژایی مێژووی نوێی ڕابردوو بووەتە قوربانی سیاسەتی پاکتاو و تواندنەوە.

دەستخۆشی لە هەر هەوڵێکی دڵسۆزانە بۆ زیاتر ناساندنی کارەساتەکانی پاکتاو و ژینۆساید کەبەسەر کورد هاتوون دەکەین.

سەرکەوتوبێت خەباتی پێشگرتن بە تاوانی پاکتاو و ژینۆساید لە هەموو جیهاندا
ئازادی بۆ گەلانی ژێردەستەی جیهان

لە خوارە دەقی بەیاننامەکە کراوەتە کوردی

## ناوەندی چاک

www.kurdistannet.org

22-10-2006 23:36:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

21.10.2006

# ئەنفالی سەدام حوسێن دژی کوردەکان ژینۆساید بوو

## هەڵوێستی ڕێکخراوی جیهانی چاودێریی ژینۆساید Genocide Watch

شاڵاوی ئەنفالی ڕژێمی سەدام حوسێن لە 1980 کاندا بێ هیچ گومانێک ژینۆساید بوو، بەپێی ئەوەی لە ڕێکەوتننامەی نێونەتەوەیی بۆ پێشگرتن و سزادان لەسەر تاوانی ژینۆساید پێناسەکراوە، هەروەکو بە ڕێکەوتننامەی ژینۆساید ناسراوە.

ڕێکەوتننامەی ژینۆساید، پێناسەی ژینۆساید وەکو "مەبەستی لەناوبردنی گشت یا بەشێکی گروپێکی ناسیونال، ئێتنی، ڕەگەزی یا ئایینی" دەکات. مەبەستی ڕژێمی سەدام حوسێن لەناوبردنی بەشێکی گرنگی دانیشتوانانی کورد لە ئێراق بوو.

کوشتارەکە سیاسەتی مەبەستئامێزی دەوڵەت بوو. ژینۆسایدی ئەنفال بە فەرمانی سەدام حوسێن بوو و لەلایەن ئامۆزاکەی سەدام، عەلی حەسەن مەجید سکرتێری گشتی بیرۆی باکوری پارتی بەعس جێبەجێکرا.

قوربانیەکان کوژران لەبەر ئەوەی کورد بوون، لەبەر ناسنامەی ئەتنیان بوو. ئەوەش ژینۆسایدە. عەلی حەسەن مەجید لە کاسێتێکدا دەڵێت، "بەڵێ، من بەدڵنیاییەوە بەدوای کورداندا دەگەڕێم. بە بلدۆزەر لەگۆڕیان دەنێم. ئەوها بەو شێوەیە ئەوە دەکەم."

ژینۆسایدی ئەنفال بەلایەنی کەم سەد هەزار کوردی لەناوبرد، هەروەها چوار هەزار گوندی خاپوور کرد. بەتایبەتی پیاو و کوڕی کورد ئامانج بوون، بەڵام هێرشە کیمیاویەکان بۆسەر گوندەکان وەکو هێرشی ناسراوی کیمیاوی بۆسەر پێنج هەزار کەس لە شاری هەڵەبجەدا، بە هەزاران ژن و منداڵی کوشت.

شاڵاوی ئەنفال دەچێتە ژێر هەموو ئەو داواکارییە یاساییانە کە وادەکات پێی بگوترێ "ژینۆساید." ژینۆسایدی ئەنفال شکاندنی بێشەرمانەی ڕێکەوتنامەی ژینۆساید بوو، ئەو ڕێکەوتننامە نێونەتەوەییەی کە ئێراق واژووی کردووە و لە ساڵی 1959 دا هەموار کراوە.

سەدام حوسێن، عەلی حەسەن مەجید و ئەوانیتر کە ئێستا لەسەر کۆمەڵکوژی ئەنفال دادگایی دەکرێن، پێویستە لەسەر ئەوەی کە تاوانی ژینۆسایدیان ئەنجام داوە، تاوانبار بکرێن. ژینۆساید، تاوانی تاوانەکان، خراپترین تاوان کە لەلایەن یاسای نێونەتەوەییەوە قەدەغە کراوە.

د. گریگۆری ستانتۆن
سەرۆکی ژینۆساید وەتچ
دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری پەنێلی هەڵمەتی نێونەتەوەیی بۆ کۆتاییهێنان بە ژینۆساید

Dr. Gregory H. Stanton
President
Genocide Watch
Founder and Chairman of the Board
The International Campaign to End Genocide
Website: **www.genocidewatch.org**

Dear Adnan,

Here is a statement that you may use and translate for use in Kurdish. We will also post it on the Genocide Watch website.

**Saddam Hussein's Anfal Against the Kurds Was Genocide**

**Statement by Genocide Watch**

**The Anfal campaign of the Saddam Hussein regime in the 1980's was unquestionably a genocide as defined by the International Convention for the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide, also known as the Genocide Convention.**

**The Genocide Convention defines genocide as "the intentional destruction, in whole or in part, of a national, ethnical, racial or religious group." The intent of the Saddam Hussein regime was the destruction of a significant part of the Kurdish population of Iraq.**

**The killing was intentional state policy. The Anfal genocide was ordered by Saddam Hussein and directed by Saddam's cousin, Ali Hassan al-Majid, Secretary General of the Ba'ath Party's Northern Bureau.**

**The victims were killed because they were Kurdish, because of their ethnic identity. That is genocide. Ali Hassan al-Majid stated in a recorded speech,"Yes, I'll certainly look after the Kurds. I'll do it by burying them with bulldozers. That's how I'll do it."**

**The Anfal genocide murdered at least one hundred thousand Kurds, and destroyed over four thousand Kurdish villages. Kurdish men and boys were especially targeted, but the gas attacks on villages, such as the infamous chemical attack on five thousand people in the village of Halabja, also killed thousands of women and children.**

**The Anfal Campaign meets all of the legal requirements to be called "genocide." The Anfal genocide was a gross violation of the Genocide Convention, an international treaty which Iraq signed and ratified in 1959.**

**Saddam Hussein, Ali Hassan al-Majid and others now on trial for the Anfal mass murders should be convicted of committing genocide, the crime of crimes, the worst crime ever outlawed by international law.**

**Dr. Gregory H. Stanton**
**President**
**Genocide Watch**
**Founder and Chairman of the Board**
**The International Campaign to End Genocide**
**P.O. Box 809**
**Washington, D.C. 20044**

www.kurdistannet.org
22-10-2006 23:36:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا